

## مۆنمێنتێك بۆ قوربانییانی شوبات , ئەی قوربانییانی ئەنفال؟؟؟؟

عەلی مەحمود محەمەد

دوێنێ 13–2 حکومەتی هەرێمی کوردستان لقی هەولێر بڕیاری دا مۆنۆمێنتێك بۆ قوربانییانی کارەساتەکەی شوباتی هەولێر دروست بکات , کەس گلەیی لەمە نییە و پێمان خۆشەو جێی خۆیەتی و مایەی دەست خۆشیشە , زۆریشمان کەس و هاوڕێی خۆشەویستمان لەو کارەساتە تیرۆرستییە بوونە قوربانی , بەڵام جێی خۆیەتی ئەم پرسیارەش بەرەو ڕوی دەسەڵاتدارانی کوردستان بکەینەوە ئەویش ئەمەیە , زیاتر لە 10 ساڵە داوا دەکرێت مۆنۆمێنتێك بۆ ئەنفال و بێسەروشوێنانی کورد دروست بکرێت . ئەنفالێك ناسنامەی لێقەوماوی و چەوساندنەوەی کوردە لەم سەدەیەدا کەچی ئەو مافە سەرەتایی و سادەیەی نادرێتێ , 182000

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مرۆڤ سەرباری قوربانییانی بارزانی و فەیلی  تا ئێستا لە دوو دانە حکومەت پێیان ڕەوا نابینن مۆنۆمێننتێکییان بۆ دروست بکەن , ئەبێ هۆکاری ئەمە چی بێت ؟؟؟ , تەنها لەبەر ئەوەی بەرپرسێکییان تێدا نەبوو ؟؟؟؟ هەموو خەڵکی هەژارو عامیە بوون !!! .
ئەوانەی لە کارەساتی 1 شوبات بوونە قوربانی , بەشێکییان ئەگەر بەو تاوانە تیرۆرستییەو لەو ڕۆژەدا گیانییان بەخت نەکردایە ئەوا جەماوەر بە لەناوچوونییان نیگەران نابوون , بەڵکە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیان دەکرد ڕزگارییان بێت لە دەستییان !!! , ئەوەی چاندبوییان چاوەڕوانی فرمێسکی جەماوەری لێناکرا , مردنییان ئاسایی بوایە هەر ئەوەشییان دەدورییەوە .
ئێمەی جەماوەری عامی و مەنبوزەکانی کۆمەڵی کوردەواری مافی خۆمانە داوای مۆنمێنتێك بکەین بۆ قوربانییەکانمان کە ژمارەیان زیاتر لە 1000 ئەوەندەی قوربانییەکان ئێوەی دەسەڵاتدارە , ئەگەر سنورێك بۆ ئەم جیاخوازییە لەسەر زەوی دانانێن؟؟؟ , ئەوا با ئەو جیاکارییە هیوادارم نەچێتە ژێر زەوییەوە و ئێسکەکانی گۆڕستان دوور بن لێوەی , هەرچەندە لەمەشدا ئێمەی مەنبوز ئێسك و گۆڕیشمان نییە , ئەگەر هەموو کەس نیشتمانی هەبێت ئەوا ئەنفالەکان بە ڕاستی بێ نیشتمانن , چونکە نیشتمانی هەموو مرۆڤێك هەر گۆڕەکەیەتی لە کۆتاییدا .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com